دکتور ساڵح ئیبراهیمی



# سوورەی نەبەء: نووچە ٤٠ ئایەتە

**سوورەی نەبەء لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۴۰ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

لە چ شتێ لە یەکدی دەپرسن ﴿١﴾ لە هەواڵێکی گەورە (لە ڕۆژی بەرێ) ﴿٢﴾ ئەوەی کە ئەوان لەودا جیاوازییان تێیدا هەیە و لەسەری مشتومریانە ﴿٣﴾ نەخێر (هیچ پرسی پێناوێ) ﴿۴﴾ هەمیسان (پرسی پێناوێ) بەڵێ دووبارە دەزانن (کلّا حەرفی ڕەدعە و بە واتای نەفی یا نەهیە، سەبارەت بە مەبەستی پێشووی، یا تەئکید، یا بە واتای «الا»ی ئیستفتاحیە، یا حەرفی جوابە و بە مەنزەلەی نەعەمە – مجمع‌البحرین و...) ﴿۵﴾ ئایا زەویمان نەکردۆتە ڕایەخ و جێی ئارام گرتن (بۆ ئێوە)؟ ﴿۶﴾ (ئایا) کێوەکانیش (مان نەکردۆتە) سینگ و گوڵمێخ؟ ﴿٧﴾ ئێوەمان جووت بەدیهێنا ﴿٨﴾ خەوی ئێوەمان کردە هۆی حەسانەوەتان ﴿٩﴾ شەومان کردە پۆشاک (بۆ ئێوە) ﴿١٠﴾ ڕۆژیشمان کردە هۆ بۆ بە دەس هێنانی پێبژیو ﴿١١﴾ بە بان سەرتانەوە حەوت (ئاسمانی) پتەومان دانا ﴿١٢﴾ کردمانە چرایەکی فرە بەورشەی ڕووناک و بەتین کە بەدیمان هێنا ﴿١٣﴾ لە هەوری بارانزا، ئاوی زۆر خوڕمان باراند ﴿١۴﴾ تا بە هۆی ئەوە دانەوێڵە و ڕووەک گژوگیا شین بکەین ﴿١۵﴾ باغگەلی پڕ داری چڕوپڕ ﴿١۶﴾ ڕۆژی جیاکردنەوە و هەڵاواردن وەختی بۆ دیاری کراوە ﴿١٧﴾ ڕۆژێ کە فوو دەکرێ بە کەڵەشاخ و شەیپووردا، جا ئێوە دەستەدەستە دێن (بۆ مەیدانی مەحشەر) ﴿١٨﴾ ئاسمان دەکرێتەوە، جا دەبێتە درگا درگا ﴿١٩﴾ کێوەکانیش لە شوێنی خۆیان خزێنراون گشتی بوونەتە تراویلکە (و بەرق دەدا و لە ئاو دەچێ) ﴿٢٠﴾ بێشک دۆزەهـ بەرەگە و کەمینگایە ﴿٢١﴾ بۆ یاغییان جێگەی گەڕانەوە و مەنزڵگەیە ﴿٢٢﴾ ماوەیەکی زۆر لەوێدا دەمێننەوە ﴿٢٣﴾ لەوێ نە شتێ فێنک دەچێژن و نە خواردنەوەیەکی خۆش لەوێدا؛ نە خەو دەچێژن نە وەخوارن (بَرْد: خەو، سارد) ﴿٢۴﴾ مەگەر ئاوی کوڵیو و زووخاو ﴿٢۵﴾ پاداشێکە بەرانبەر (بۆ کردەوەی ئەوان) ﴿٢۶﴾ ئەوانە هیوایان نەبوون لێپرسینەوەیەک هەبێ ﴿٢٧﴾ بە سەختی نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دەخستەوە ﴿٢٨﴾ ئێمە ژمارەی هەموو شتێکمان ڕاگرتووە و (لە کتێبێکدا) نووسیوە ﴿٢٩﴾ جا بچێژن کە هەرگیز بێجگە لە ئازار، شتێکتان بۆ زیاد ناکەین ﴿٣٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بۆ خۆپارێزان جێگەی بە ئـاوات گەیشـتن و سـەرکەوتن و رزگـار بـوون هەیە ﴿٣١﴾ بـاغگەلێ ڕازاوە و ترێگەلێ جۆربەجۆر ﴿٣٢﴾ کیژانی هاوتەمەنی مەمک خڕ و تازە پێگەیشتوو ﴿٣٣﴾ جامی پڕ ﴿٣٤﴾ لەوێدا نە قسەی هەوانتە و قازانج و قسـەی مفت و هـیچوپـووچ دەبیسـن، نە یەکتریش بە درۆ دەخەنەوە ﴿٣٥﴾ خەڵاتێکـی پەروەرنـدەی تـۆیە، بەخششـی بە سەروبەریشـە ﴿٣٦﴾ پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوان ئەو دووانەدایە، ئەو خوای ڕەحمانە کە هیچ کەس بـێ ئیجـازەی ئەو مـافی دوانـدن و قسـە کردنـی بـۆ نییە ﴿٣٧﴾ ڕۆژێ کە ڕۆح (جوبرەئیل) و مەلائیکە بە ڕیز ڕادەوەستن و هیچیان ناخێون و قسە نـاکەن، مەگەر ئەوەی کە خوای ڕەحمان ئیجازەی دابێ و (ئەویش) بە ڕاستی و چاکە قسە بکا ﴿٣٨﴾ ئەو ڕۆژە بەرهەقە، جا هەرکەس بیەوێ ڕێگای گەڕانەوە بۆ لای پەروەرێنەری دەگرێتە بەر ﴿٣٩﴾ ئێـوە لە جەزرەبە و عەزابێکی نێزیک ئەترسێنین، ڕۆژێ کە مرۆڤ هەرچـی لە بەرا نـاردوویەتی، ببینـێ، کـافر بڵێ: خۆزگە خاک و خۆڵ بوایەم ﴿٤٠﴾

## سوورەی نازیعات: گیانکێشان ٤٦ ئایەتە

**سوورەی نازیعات لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۴۶ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە مەلائیکە کە گیانی تاوانباران بە توندی دەردەکێشن ﴿١﴾ سوێند بە مەلائیکەگەلێ کە بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی خوا، خێـرا بـۆی دەڕۆن ﴿٣﴾ جا سـوێند بە مەلائیکەکـان کە پـێش دەکەون ﴿٤﴾ جـا سـوێند بەوانە کە بە ڕا و تەگبیـر و ڕاوێـژ کـار دەکەن ﴿٥﴾ ڕۆژێ کە بوولەرزە هەموو شتێک سەخت دەخاتە لەرزەلەرز ﴿٦﴾ دوا بە دوای ئەوە، ڕووداوی دووەم ڕوو ئەدا ئیتریشی بە دوودا دێ ﴿٧﴾ لەو ڕۆژەدا دڵگەلێ سەخت هەراسان و پەرێشانە ﴿٨﴾ چاویان سیس و کز لە ترسا بەر دراوەتەوە ﴿٩﴾ دەڵێن: ئایا بۆ ژیانی دووبارە دەمانگێڕنەوە ﴿١٠﴾ ئایا کاتێ بووینە ئێسکی پـوواو (ئەشـێ زینـدوو بینـەوە) ﴿١١﴾ دەڵـێن: ئەم گەڕانەوەی ئـێمە لەو کاتەدا، گەڕانەوەیەکی دۆڕاو و زیاناوییە ﴿١٢﴾ جا ئەو گەڕانەوە تەنیا بە یەک نارەتە و هـاوار ئەنجام ئەبێ ﴿١٣﴾ جا لە ناکاو ئەوانە بێدار لەو بیابانەن (١٤) ئاخۆ بەسەرهاتی مووسات بـۆ هاتووە ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi